# هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەت لەکێبونەوەیدا پشتیوانی لە دانوستانەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران کرد

هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەت لەکێبونەوەی ئەمشەویدا پشتیوانی لە دانوستانەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران کرد، بەئامانجی راگرتنی شەڕ و زیاترکردنی قەیرانەکانی ناوچەکە و پشتیوانی خۆشی بۆ چاکسازیەکانی حکومەت لەڕوی کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنوریەکان دوپاتکردەوە.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆك وەزیران، ئێوارەی ئەمڕۆ یەکشەممە، محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق، میوانداری کێبونەوەی ئاسایی هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەتی کرد، بەئامادەبونی عەبدولەتیف جەمال ڕەشید سەرۆك کۆمار ، هەیبەت حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمان و سەرکردەکانی حزب و پارتە سیاسیەکانی ناو هاوپەیمانییەکە. لەکێبونەوەکەدا کەمەڵك پرسی ستراتیژی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی تاوتوێکران.

هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەت پشوازی و پشتیوانی تەواوی خۆی بۆ دانوستانە بەردەوامەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران دەربڕی کە لەلایەن سوپتانییەتی عومانەوە میوانداریدەکرێت، داوای پەسەندکردنی گفتوگۆی جددی و دانوستانی لەپشینەی کرد بۆ ناوچەکە و جیهان لە

وەرانکارییەکانی شەڕ، کە خزمەت بە هیچ کەسێک ناکات و تەنها ئەو قەیرانە مرۆیی و ئابوورییانەی کە ناوچەکە و جیهانیان گرتوە گەورەتر دەکەن، هەروەها هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەت لە کاتکدا دەستخۆشی لە هەوڵەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی کرد بۆ پێشگرتن لە هەڵگیرسانی شەڕ، هەڵەشەکانی دژی ئێرانیشی کە پێشێلکردنی هەمو نۆرم و ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتییەکانە، لەتکردەوە.

ئەوەشیخستەڕوو، هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەت جەختی لەسەر پێویستی کۆنترۆڵکردنی هەمو لێدوان و گوتاری میدیایی و کردەوەکان کردەوە کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی عێراقدا ناگونجێن، هەروەها ئامادەبوان ئەو هێرشە تیرۆریستییەیان شەرمەزار کرد کە نوێژخوێنانی لە ئیسلام ئابادی پاکستان کردە ئامانج، هاوسۆزی تەواوی عێراق لەگەڵ گەلی پاکستان لە ڕوبەڕوبونەوەی توندەوی دوپاتکرایەوە و جەخت لەسەر پێویستی هەوڵەی نێودەوڵەتییە هاوئاهەنگەکان کرایەوە بۆ بنبڕکردنی ڕەگ و ریشەی تیرۆر.

لەڕاگەیەندراوەکەدا هاتوە، لە کۆبونەوەکە بارودۆخی دارایی ئێستای تاوتوێ کرا و جەخت لە گرنگی پشتیوانیکردن لە ڕێوشوێنە جەوهەری و چارەنوسسازەکانی حکومەت کرایەوە بۆ ئامانجی بەهێزکردنی چارەسەری ستراتیژی بنیاتنەر، هەروەها هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەت جەختی لەسەر پێویستی پشتیوانیکردن لە چاکسازییە ئابورییەکان کردەوە کە حکومەت پەسەندی کردون، لەوانەش بڕیارەکانی پەیوەست بە کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنورییەکان و ڕاگرتنی هەموجۆرەکانی قاچاخچێتی، هەروەها پاپشتیکردنی هەوڵەکانی بۆ کەمکردنەوەی باج و خەرجییەوە لە گومرگی.
لەڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوەشکراوە، لە کۆبونەوەکەدا گرنگی پلانەکانی چاکسازی دوپاتکرایەوە کە ئامانجیان پاراستنی بەرهەمە ناوخۆییەکان و پەرەپێدانی پیشەسازییە نیشتمانییەکان و هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهاتە بۆ تێپەڕاندنی پشتبەستنی تەواو بە نەوت.

هەروەها لە کۆبونەوەکەدا بە درێژی باس لە پرسی چەکدارانی داعش کرا کە لە سوریاوە بۆ عێراق گواستراونەتەوە، هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەت پاپشتی ئەو هێرشکارە یاسایی و دادوەرییانەی کرد کە عێراق سەبارەت بەم زیندانیانە بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری گرتویانەبەر و داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد بەرپرسیارێتی خۆی لە پاپشتیکردنی عێراق لەو بارەیەوە لە ئەستۆبگرێت.